Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.4.9

# ڕۆڵی لکانی فەرهەنگی لە تۆکمەکردنی دەقدا – کورتە چیرۆک بە نموونە

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Rezhna Saefaddin Hasan
rezhne.hasan@su.edu.krd

**ڕێژنە سیف الدین حسن**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەریمی کوردستان،عێراق

RECEIVED :19/11/2024
ACCEPTED :13/01/ 2025
PUBLISHED :15/08/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**

لکان ،
لکانی فەرهەنگی ،
کورتەچیرۆک،
دەق.

## پوختە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (ڕۆڵی لکانی فەرهەنگی لە تۆکمەکردنی دەقدا – کورتە چیرۆک بە نموونە)، کە لە سنوری زمانەوانی دەقدایە. باس لە ڕۆڵی پەیوەندییە واتاییەکان لە بەیەکەوەبەستن و تۆکمەکردنی دەقی کورتەچیرۆکدا دەکات. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە لکاندنی لێکسیکی لە ڕێزمانی ئەرکی بەستراوە. شیکردنەوەی دەق لە ڕوانگەی زمانییەوە کارێکی گرنگ و ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە. زمانی دەق کاریگەری گەورەی لەسەر گەیاندنی مەبەست و پەیامی نێنەر هەیە بۆ گوێگر، توێژینەوە لە بواری شیکردنەوەی زمانی دەق و دەستنیشانکردنی ئەو ئامرازانەی بەشەکانی دەق بەیەکەوە دەلکێنن، کارێکی گرنگ و پڕ بایەخە. لەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی (شیکاری ئەرکی) بەستراوە.. کەرستەی توێژینەوەکە بریتییە لە دوو دەقی کورتەچیرۆک بە ناونیشانی (ژەنگ و ژان) و ( گورگ و خوێن)، کە لە کۆمەڵە کورتەچیرۆکی ( نەخۆشێکی تەندروست)ی ( گۆران سەباح) وەرگیراوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە گەیشتنە بە وەڵامی چەند پرسیارێک، لەوانە: ( ڕۆڵی پەیوەندییە واتاییەکان لە بەستان و تۆکمەکردنی دەقدا چیە؟ ، گرنگترین ئەو پەیوەندییە واتاییانە چین، کە لە هەردوو کورتە چیرۆکەکە وەک بەستەرێکی فەرهەنگی پشتی پێ بەستراوە؟، کام جۆری بەستەری فەرهەنگی لە هەردوو دەقەکە زیاتر بەکارهاتووە ؟ لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە پەیوەندییە واتاییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە یەکگرتوویی زمانی دەق، بەتایبەتی دەقی کورتەچیرۆکدا هەیە، هەریەکە لە یەکە واتاییەکانی وەک(دووبارەکردنەوە، هاوواتا، دژواتا، داپۆشین، هاوڕێیەتی، بەش لە گشت) وەک بەستەرێکی فەرهەنگی بۆ تۆکمەکردنی زمانی دەق لە نموونەی توێژینەوەکە پشتی پێ بەستراوە، بە جۆرێک دووبارەکردنەوە لە هەموویان زیاتر و داپۆشین لە هەموویان کەمتر لە هەردوو دەقەکە بەکارهاتووە، لە کۆتایی توێژینەوەکە ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

-ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(ڕۆڵی لکانی فەرهەنگی لە تۆکمەکردنی دەقدا - کورتە چیرۆک بە نموونە)، لە سنوری زمانەوانی دەقدایە.

-گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە ڕۆڵی دانە فەرهەنگییەکان لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە واتاییانەی لەگەڵ دەوروبەر دەیبەستێت لە تۆکمەکردنی زمانی دەق، دەقی کورتەچیرۆک بەتایبەتی بخاتەڕوو.

-ئامانجی توێژینەوەکە :

ئامانجی ئەم توێژنەوەیە بریتییە لە گەیشتن بە وەڵامی چەند پرسیارێک لەوانە:

- ڕۆڵی پەیوەندییە واتاییەکان لە بەستان و تۆکمەکردنی دەقدا چیە؟

-گرنگترین ئەو پەیوەندییە واتاییانە چین کە لە هەردوو کورتە چیرۆکی (ژەنگ و ژان) و (گورگ و خوێن) وەک بەستەرێکی فەرهەنگی پشتیپێبەستراوە؟

- کام جۆری بەستەری فەرهەنگی زیاتر لە هەردوو دەقەکە بەکارهاتووە ؟

-ڕێبازی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە، کە لە گەڵ سروشتی توێژینەوەکەمان دەگونجێت.

-ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە دەگرێتەوە، چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت لەوانە: (چەمک وپێناسەی دەق، لکانی فەرهەنگی، دووبارەبوونەوە، هاوڕییەتی، هاوواتا، دژواتا، بەش لە گشت، داپۆشین)، بەشی دووەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە، کە تیایدا پەیوەندییە واتاییەکان وەک بەستەرێکی لێکسیکی لە هەردوو دەقەکە خراوەتەڕوو، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

### 1-چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە (پەیوەندییە واتاییەکان)

### 1-1--چەمک و پێناسەی دەق :

چەمکی دەق لە ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسە کراوە لەوانە دەق بەوە پێناسە دەکات، کە تۆڕێکی چنراوە لە وشەی پێکەوە بەستراو، وەک تاڵە دەزووش ڕەگەزە جیاوازەکانی پارچە لێکدوور کەوتووەکان کۆ دەکاتەوە (جەستەیەکی گشتگیری پێکەوە پەیوەستدا) (جلال،٢٠١٤)، لەم ڕوانگەیەوە دەق بریتییە لە بەیەکەوە بەستن و لکاندنی کۆمەڵە وشەیەک کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی لکان بە یەکەوە دەبەسترێن، یان دەق بەوە پێناسە دەکرێت، کە پارچەیەکی زمانییە (بە گوتن، یان بە نوسین) لە هەر بارستەیی و ڕادەیەکدا بێت، کە یەکەیەکی تۆکمە و لکاو پێکدێنێت (سورخی، ٢٠١٣: ١١)، واتە دەق بە هەردوو جۆرەکەیەوە ( دەقی نوسراو و دەقی گوتراو) یەکەیەکی زمانی یەکگرتووە. ئەو ڕێگایەیە کە نێنەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە وەرگر هەڵیدەبژێرێت بە پێی مەبەستی خۆی چ لە ڕێگەی نوسین، یان بە شێوەی زارەکی پەیامەکەی دەگەیەنێت، بێگومان هەردوو ڕێگاکە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە لە دەقی گوتراو نێنەر زیاتر پشت دەبەستێت بە زمانی جەستە و فۆنیمە ناکەرتییەکان وەک هێز و ئاوازە و وەستان ئینجا جۆری ئەو وشانەی هەڵیدەبژێرێت، کە هەموو ئەمانە بەشێکی سەرەکی پەیامەکە دەگەیەنن ، بۆیە کەمتر پابەندی یاسا ڕێزمانییەکانە، وەک ئەوەی لە دەقی نوسراودا بوونی هەیە، چونکە لە دەقی نوسراودا ڕێزمانێکی تەواو لە نێوان پێکهاتەکانیدا پەیڕەو دەکرێت بگرە بەدیش دەکرێت لە ڕووی ڕێکخستنەوە(عمر، ٢٠١٧: ١١)، واتە لە دەقی نوسراودا هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنیەتی لکاندنی ڕستەکان بە هۆی ئامرازەکانی لکان لەپاڵ بەکارهێنانی خاڵبەندی کاریگەری گەورەی لەسەر گەیاندنی پەیامدا هەیە، بۆئەوەی دەق وەک یەک یەکە تۆکمە و یەکگرتوو دەربکەوێت و خوێنەر هەست بە پەرش و بڵاوی بیرۆکەکان و بەشەکانی دەقەکە نەکات، گرنگە نوسەر زۆر بە وردی ئاگاداری ئەو ئامرازانە بێت، کە وەک بەستەر لە ناو دەقدا ڕۆڵ دەبینن لە ئاستە جیوازەکانی وەک دەنگ و وشە و ڕستە و واتا. کەواتە لکاندنی دەق پۆلێن دەکرێت بۆ :(لکانی دەنگی، لکانی وشەیی، لکانی ڕێزمانی، لکاندنی فەرهەنگی).

### 2-1 لکانی فەرهەنگی

لکانی فەرهەنگی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی لکاندنی دەق لەسەر ئاستی فەرهەنگدا، کە دەبێتە هۆی یەکگرتوویی دەق و بەردەوامی واتا، ئەم جۆرە بەیەکەوەبەستانە پشت بە هەڵبژاردنی پێکهاتەکانی دەق وبەیەکەوە بەستنیان دەبەستێت (عزە شبل ، ۲۰۰۹: ۱۰۵)

ئەم جۆرە لکاندنە لە گرنگترین جۆرەکانی لکاندن و پەیوەندییەکانی ناو دەقە، کە لە ڕێگەی پەیوەندی فەرهەنگی نێوان یەکە زمانییەکانی ناو دەق دروستدەبێت، واتە لە ڕێگەی پەیوەندییە واتاییەکانی وەک ( دووبارەبوونەوە ، هاوواتا، دژواتا ، بەش لە گشت، داپۆشین(گرتنەوە)).

### ۱-۳- پەیوەندییە واتاییەکان:

پەیوەندییە واتاییەکان ئەو پەیوەندیەییە ، کە دانە فەرهەنگییەکان لە نێوان خۆیان هەیانە، لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا دەکرێ لە ڕێگەی پەیوەندی جێنشینی و هاونشینی نێوان دانە فەرهەنگییەکان واتای جۆراوجۆر بەدەستبێت (علی و رشید، ۲۰۲۲: ۱۳۷). هەریەک لەم یەکە واتاییانە بە ڕێژەیەک لە بەیەکەوەبەستنی بەشەکانی دەقدا بەشداری دەکەن، هەریەکەیان بەگشتی ڕۆڵی کاریگەری خۆیان لە تۆکمەکردنی دەقدا هەیە. دەقی کورتە چیرۆک وەک هەر ژانرێکی تری ئەدەبی، زمان تیایدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت، بە تایبەت جۆری ئەو وشانەی کە نوسەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی هەڵیدەبژێرێت، بە پشتبەستن بە دانە فەرهەنگییەکان و ڕەچاوکردنی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوانیان، بە جۆرێک کە سەرتاپای دەقەکە وەک یەک یەکەی یەکگرتوو دەربکەوێت.

پەیوەندییەواتاییەکان دەبێت بە دوو جۆر:

١- پەیوەندی ستوونی (جێنشینی) کە (هاوواتا ، داپۆشین، دژواتا، بەش لە گشت،جیاوازی ) دەگرێتەوە.

٢-پەیوەندی ستوونی (هاونیشینی)، کە دوو جۆری هەیە (هاوڕێیەتی و هەڵبژاردن) دەگرێتەوە.

لکانی فەرهەنگی وەک بەستەرێکی دەق پشت بە شەش جۆر پەیوەندییەکی واتایی نێوان دانە فەرهەنگییەکان دەبەستێت، لەوانە (دووبارەبوونەوە، هاوواتا ، دژواتا، هاوڕێیەتی ، بەش لە گشت ، داپۆشین(گرتنەوە)) (شەریف، ۲۰۲۲: ۷۱). لەم بەشەدا ئەم شەش پەیوەندییە دەخەینەڕوو.

### 1-3-1دووبارە بوونەوە:

شیکردنەوەی دەق بۆ پێکهاتە زمانییەکانی دەق و دەستنیشانکردنی دانە زمانییەکان لە پرۆسەی شیکردەوەی دەق ڕۆڵێکی گرنگی لە دەستنیشانکردنی ڕادەی تۆکمەیی دەقدا هەیە، ئەگەر لە هەر دەقێک وردبینەوە لە ڕووی ڕووکەشەوە بە ڕێژەی جیاواز درک بە کرداری دووبارەبوونەوەی دانە فەرهانگییەکان دەکەین ، ئەم دووبارەبوونەوەیەش مەبەست و ئەرک و ئامانجی خۆی هەیە.

دووبارەبوونەوە کۆڵەگەیەکی گرنگە لە کۆڵەگە فەرهەنگییەکانی دەق، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە بونیادنانی بابەت و سەرەنجراکێشان بۆ توخمەکانی دەق هەیە (البصلة ، ۲۰۲۳: ۲٤)، یەکێک لە مەبەستە بنەڕەتییەکانی دووبارەبوونەوە بریتییە لە لکاندنی بەشە جیاوازەکانی دەق و جەختکردنەوە لەسەر ئەو یەکە زمانییەی کە دووبارە دەکرێتەوە. واتە دووبارەبوونەوە وا دەکات دەق تۆکمە و یەکگرتوو بێت و بنەمایەکی هاوبەش لە نێوان ڕستەکانی دەق دروستدەکات، چونکە ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەمەش خوێنەر ئاسان تێیدەگات و زانیارییەکان وەردەگرێت. (Hoey) لە (۱۹۹۱) ئاماژە بەوە دەدات، کە دووبارەبوونەوەی وشەکان لە نێوان ڕستەکان دەبێتە هۆی لکان و بەیەکەوەبەستانی نێوان پێکهاتە و ناوەرۆکی ڕستەکان لە بەشە جیاجیاکانی دەق(عزە شبل، ۲۰۰۹: ۱۰۵) .

لە ناو دەقدا چەند هۆکارێک کاریگەریان لە سەر بەکارهێنانی دووبارەکردنەوە هەیە لەوانە، بابەتی نوسینەکە و پاشخانی ڕۆشنبیری نوسەر و کارامەیی نوسین (محمد، ۲۰۰۹: ۱۰٦)، واتە هەندێک جار سروشتی بابەتەکە وا دەکات ڕێژەی دووبارەبوونەوە لە دەقدا زیاتر بێت، نوسەر ناچاربکات دانە فەرهەنگییەکان لە دەقەکەیدا دووبارە بکاتەوە، هەروەها پاشخانی ڕۆشنبیری نوسەر، کە هەتا چەند زانیاری و فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەندە بە یەکەی زمانی جیاواز، بۆئەوەی کەمتر توشی دووبارەبوونەوە بێت،یان ئەوەتا بزانێت چۆن و بۆ چ مەبەستێک پشت بە دووبارەکردنەوە دەبەستێت،

جگە لەمە کارامەیی و شارەزایی لە تەکنیکەکانی نوسین کاردەکاتە سەر ڕێژەی دووبارەبوونەوەی دانە فەرهەنگییەکان، واتە هەتا چەند نوسەر شارەزای داڕشتنی ئەو دەقەیە کە دایدەڕێژێت.

دووبارەبوونەوە بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەربڕینێک ،یان ڕستەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان پاراگرافێک، بە هەمان شێوە وەک خۆی یان بە شێوەی هاوواتاکەی یان نزیکە واتاکەی بۆ چەند مەبەستێک، گرنگترینیان لکاندن و گونجاندن و بەیەکەوەبەستانی بەشە جیاوازەکانی دەق ( الفقي ،صبحي ابراهيم: ٢٠)، بەم پێیە دووبارەکردنەوە دەکرێت دووبارەکردنەوەی وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک، یان لە هەندێک کاتدا پاراگرافێکە، کە هەریەک لەمانە مەبەستی خۆی هەیە.

بێگومان دووبارەکردنەوە وادەکات تێگەیشتن خێراتر بێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر وشەکە وەک خۆی بۆ هەمان مەبەست دووبارەکرایەوە نەک هاوواتاکەی (عزە شبل، ٢٠٠٩: ١٠٥).واتە ئەگەر دووبارەکردنەوەکە بە پێی پێویست بێت و زیادەڕۆیی تێدانەبێت. بۆ نموونە لە دەقی ژمارە یەکدا هاتووە: :

-((" دەمەوێ بچمەوە لای جۆلانەکە".

"ئەگەر ئاقڵ بی، ئەوا دواتر تێر جۆلانە دەکەی".

هیچ چارم نەبوو. لەسەر دۆشەکە قاوەییەکە پاڵکەوتم. بیرم کردەوە. ڕەنگە پورە گێلاس بێت، پاش چایە و شەربەت دەچمەوە لای جۆلانەکە.))( سەباح ، ٢٠٢٤: ٧٧).

دووبارە بوونەوەی وشەی (جۆلانە)، لەم دەقەی سەرەوە بووەتە هۆی تۆکمەیی دەقەکە و بەیەکەوە لکاندنی ڕستەکان، کە ناتوانین لە دەقەکە هیچ یەک لە وشەی (جۆلانە) لابدەین، دووبارەکردنەوەی ئەم وشەیە وایکردووە ئارەزووی سەدەی پاڵەوانی چیرۆکەکە کە (جۆلانە)یە بەردەوام لە بیری خوێنەر ئامادەبێت بەمەش ئەم دووبارەکردنەوەیە بەردەوامی بە ڕووداوەکانی ناوچیرۆکەکە دەدات و هەتا کۆتایی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەقەکە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو دەردەکەوێت.

دووبارەبوونەوە بۆ چەند جۆرێک پۆلێن دەکرێت:

**1-دووبارەبوونەوەی هەمان وشە:** بریتییە لە دووبارەبوونەوەی هەمان دانەی فەرهەنگی لە دەقدا بە هەمان فۆرم و واتا(عبدالمجيد، ١٩٩٨: ٨٠). لەم جۆرە دووبارەکردنەوەیەدا دانە فەرهەنگییەکە وەک خۆی بە هەمان فۆرم بۆ هەمان مەبەست دووبارە دەکرێتەوە.بۆ نموونە : لە دەقی دووەمدا:

"مێشکی تەراتێنی دەکرد لە نێوان سێ شتدا، خوێن، سەرما، گورگێکی ڕەشپۆش. سەری لە سەرما دەردەچوو، بەس خوێن و گورگەکە نا" (سەباح، ٢٠٢٤: ٨٧) .

لەم دەقەی سەرەوەدا هەریەک لە وشەکانی ( سەرما، خوێن ) دووبارەبوونەتەوە، بە هەمان فۆرم و واتا، وشەی (گورگ) وەک خواستن بەرانبەر بە مرۆڤێکی دڕندە بەکارهاتووە، هەردوو جارەکەش کە دووبارەکراوەتەوە بۆ هەمان مەبەست بە هەمان فۆرم دووبارەکراوەتەوە.

**2-دووبارەبوونەوەی بەشی (دووبارەبوونەوەی ڕەگی وشەکە):** بریتییە لە دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو پێکهاتەی کە لە پێشوو بەکارهاتووە، بەڵام بە فۆرم و یەکەی جیاواز (عفيفي ، ٢٠٠١: ١٠٧). لەم جۆرە دووبارەکردنەوە ڕەگی وشەکە گۆڕانی بەسەر نایەت تەنها دۆخە ڕێزمانییەکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە : ( دروستکرد ، دروستمکرد ، دروستدەکەم ، دروستبکە،....هتد).

## 1-4 هاوڕێیەتی:

جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندی فەرهەنگی نێوان یەکە زمانییەکان لە چوارچێوەی دەقدا، کە دوو وشە، یان زیاتر لە ڕووی فەرهەنگییەوە جۆرێک لە پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەیە، لە دەقدا بەیەکەوە دەردەکەون، بە پێچەوانەشەوە هەندێک وشە ئەم پەیوەندییە لە نێوانیاندا نییە، ئەگەر بەیەکەوە دەربکەوەن واتایەکی هەڵە بەدەستەوە دەدەن. (پاڵمەر) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هاوڕێیەتی بە ڕوودانی هاوبەش و لێکسیمی لێکدراو سنوردارنەکراوە، بەڵکو درێژەدەدات بە لەخۆگرتنی فۆرمی تایبەتی ڕوودانی هاوبەش، کە شێوازی تایبەتی هەندێک نوسەرە، یان قسەکەرە، لەبەرئەوە بۆ

خەملاندنی واتای هەندێک هاوڕێیەتی لە ڕێگەی دانەی تاک هەمیشە دروست نییە)(شەریف، ٢٠٢٢: ٨٣)، هەروەها ( هالیدەی و حسن) هاوڕێییەتی بەوە پێناسە دەکەن، کە وەک جوتێک دانەی لێکسیکی، کە پۆلکردنی پەیوەندیی واتاییان یەکسان نییە، لە لێکسیکی و واتای سیستەمدا)(شەریف، ٢٠٢٢: ٨٣). ئەم پەیوەندییە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەیەکەوە لکاندنی دانە فەرهەنگییەکان لە ناو دەقدا دەگێڕێت ، وا دەکات دەق تۆکمە و یەکگرتوو بێت. بۆ نموونە لە دەقی یەکەمدا وشەکانی ( زنجیر، جۆلانە) هەوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەیە بەیەکەوە دەردەکەون:

"هەرکە منداڵەکە هاتە خوارێ، توند زنجیری جۆلانەکەم گرت"(سەباح، ٢٠٢٤: ٧٣)

بۆ نموونە لە دەقی دووەمدا:

"هێندەی نەبرد، خەوی لێکەوت، خەونی دیت بەوەی وا دەخنکێت لە نێو دەریایەک خوێن، هەموو خەڵکیش گاڵتەیان پێ دەکرد"(سەباح، ٢٠٢٤: ٩٠)

لەم دەقەی سەرەوە هەردوو وشەی (خەو ) و لەگەڵ (خەون) پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا هەیە،بەمەش بوونەتە بەستەرێکی بەهێز بۆ بەستانەوەی ڕستەکان، کە ناتوانین هیچ یەکیان لادەین، چونکە بە لادانیان واتای دەقەکە تێکدەچێت.

## 5-1 دژواتا :

( یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان لە واتاسازی بەو وشانە دەگوترێت، کە لە مانادا بەرانبەر بەیەک دژ وەستاون، یان بریتییە لە دوو وشەی جیاواز کە دوو واتای جیاوازی دژ بەیەکیان هەیە، کەواتە دژواتا وەک دیاردەیەکی دوو لایەنی پەیوەندی نێوان دوو شت، یان دوو کەس نیشاندەدات، کە بیری دژایەتی و بەرەنگارییان تێدایە) (تاڵیب حسێن علی، ٢٠١١: ٨٨) ، واتە ئەو وشانەن کە لە بە بیستن یان بینینی یەکێکیان ڕاستەوخۆ لە زەینی ئێمەدا بەرانبەرەکەی ئامادەدەبێت.

سەبارەت بە جۆرەکانی دژواتا، دەتوانین دابەشی بکەین بۆ چەند جۆرێک:

- دژواتای تەواو ، وەک ( نێر ، مێ ) ( ژن ، پیاو)
- دژواتای پلەدار ، وەک ( سارد ، گەرم) (تاڵ ، شیرین)
- دژواتای پێچەوانە، وەک ( کڕین ، فرۆشتن) ( ژن ، مێرد)
- دژواتای ئاڕاستەیی ( سەروو ، خواروو) (ڕاست ، چەپ)
- دژواتای ستوونی، وەک ( باکور ، باشور) (ڕۆژهەڵات ، ڕۆژئاوا)
- دژواتای هەڵگەڕاوە یان نەرێنی وەک، ( هات ، ڕۆیشت) ( چوون ، نەچوون)( احمد، ٢٠١٥: ٤٢-٤٦)

بۆ نموونە لە دەقی یەکەمدا: خاتوو ئەڵماس هاواری کرد:

" ناتوانم بیکەم زۆر دەجوڵێت' هاواری کرد. ' پێویستمان بە یەکێکی ترە تا باش بیگرێت و نەجوڵێت'

لەم دەقەدا وشەی ( دەجوڵێت) لەگەڵ ( نەجوڵێت) دژواتان لە جۆری دژواتای هەڵگەڕاوە یان نەرێنی، بەکارهێنانی ئەم وشە دژواتایانە بووەتە هۆی بەیەکەوە لکانی ڕستەکان بە جۆرێک کە ناتوانین دەستبەرداری هیچ یەک لە وشەکان بین، یان لایان بدەین، چونکە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر واتا.

دژواتا لە بەیەکەوە بەستن و لکاندنی بەشەکانی دەقدا رۆڵێکی گرنگی هەیە، (سالکی) دەڵێت: (بەکارهێنانی دوو لێکسیمی دژواتا لە نزیک یەکتر، یارمەتیی نوسەر دەدات لە دەربڕینی جیاوازی، هەروەها بەشداری لە پێکەوەبەستنی دەقدا دەکات، بە یاساییانە زۆربەی جوت لێکسیمی دژواتا لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نییە)(شەریف، ٢٠٢٢: ٨١)، واتا ئەوەی واتای دژی پێدەدات دەوروبەرە زمانییەکەیە، بۆ نموونە لە دەقی دووەمدا:

"قوتابییەکان هەستابوونە سەر پێ، پەنجەیان درێژ کردبوو، 'مامۆستا، مامۆستا' یان بوو تا وەڵامی پرسیارێک بدەنەوە"(سەباح، ٢٠٢٤: ٨٣)

لەم دەقەی سەرەوە هەردوو وشەی (مامۆستا) و (قوتابی ) دژواتان .

### 6-1 هاوواتا :

هاوواتا بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک کە هەمان واتا، یان واتایەکی نزیک لە یەکیان هەیە بە دەربڕینی جیاواز، کە رۆڵێکی کاریگەری بۆ چوونەناو بونیاتی واتایی دەق هەیە، پردێکی پەیوەندی لە نێوان نێنەر و وەرگر دروستدەکات و لە ڕووی واتاییەوە دەقەکە دەوڵەمەند دەکات و مەبەستەکە ڕووندەکاتەوە (البصله، ٢٠٢٣: ٢٦)، هاوواتا جۆرێکە لە پەیوەندی واتایی، کە نوسەر لە ناو دەقدا پشتیپێدەبەستێت بۆ لکاندن و تۆکمەکردنی پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی دەق. بەکارهێنانی هاوواتا لەناو دەقدا زیاتر بۆ خۆلادانە لە دووبارەکردنەوەی دانە فەرهانگییەکان. واتە دوو وشە یان چەند وشەیەک لەڕووی واتاوە هەمان واتا دەگەیەنن بە دوو فۆرمی جیاواز،بەلام زۆربەی بیروراکان ئاماژە بەوەدەکەن کە لە زماندا دوو وشە نییە کە یەک واتایان هەبێت، چونکە ئەگەر دوو وشە وەک یەک بن لە توانایان کەمدەبێتەوە (دزەیی، ٢٠١١: ٨٨)، زیاتر ئەو وشانەی لە زماندا وەک هاوواتا بەکاردێن لە جۆری هاوواتای ناتەواو، یان نمچە هاوواتان. بۆ نموونە لە دەقی یەکەمدا هاتووە:

-"کۆمەڵێک منداڵی سیسی چاوگەش . ژەنگ و قوڕ و سیسبوون گرنگ نەبوو. نۆرە گرنگ بوو. من لە ناوەندی سرەکەدا بووم" (سەباح، ٧٣:٢٠٢٤)

لەم دەقەی سەرەوە هەردوو وشەی (نۆرە = سرە) هاوواتان، دەتوانین بڵێن لەم دەقەدا هاوواتای تەواون چونکە دەتوانین لە بری یەکتر بەکاریان بهێنین.

یان لە دەقی دووەم :

" ڕووی مامۆستا لایەکی تەقەڵ بوو، مرۆڤ لێی دەترسا،......................تەماشایەکی بچمی بەرێوەبەری کرد، ئاهێکی هەڵکێشا" (سەباح، ٢٠٢٤: ٨٣-٨٦)

لەم دەقەی سەرەروە وشەکانی (ڕوو) و (بچم) هاوواتای یەکترن، کە دەتوانین لە بری یەکتر بەکاریانبهێنین.

### 1 -7 بەش لە گشت:

ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان (دەست) و ( لەشی مرۆڤ) هەیە، یان لە نێوان (تایە) و (ئۆتۆمبیل) دا هەیە، جیاوازی ئەم پەیوەندییە لەگەڵ داپۆشین ئەوەیە کە (دەست) جۆرێک نییە لە (لەشی مرۆڤ)، بەلام (دالیا) جۆرێکە لە (گوڵ) (دزەیی، ٢٠١١: ١٣٦)، ئەم پەیوەندییە بریتییە لە پەیوەندی نێوان وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی تر یان چەند وشەیەک، کە ئەم وشانە بەشێکن لە پێکهاتەی وشە گشتییەکە، بۆ نموونە ( دەم ، دەست ، گوێ ،....هتد) بەشێکن لە لەشی مرۆڤ. بۆ نموونە لە دەقی یەکەم ( دڵخۆش) لە وەسفی خاتوو (ئەڵماس)دا دەڵێت :

"کە دەرگاکە کرایەوە، لاشاخێک هاتە ژووریَ. زەردەخەنەکەی تۆقاندمی. ددانەکانی خواروخێچ و ژەنگاوی. چەفییەکی ڕەش لە سەری. چاوەڕەشەکانی لەگەڵ مەکسییەکەی دەهاتنەوە. ورگ زل. لووت زل. دەست و پێ زل" (سەباح ،٢٠٢٤)

لەم دەقەی سەرەوە وشەکانی ( ددان ، چاو ، ورگ ، لووت، دەست، پێ) بەشێکن لە (لەشی مرۆڤ)، واتە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندی بەش لە گشتە. ئەم پەیوەندییە بووەتە هۆی لکاندنی بەشەکانی دەقەکە بەیەکەوە، نوسەر ئەم پەیوەندییە واتاییەی وەک بەستەرێکی دەق بەکارهێناوە کە لە ڕێگەیەوە وەسفی کارەکتەرەکان وەک وێنەیەکی کێشراو دەخاتە بەرچاوی خوێنەر.

یان لە دەقی دووەم:

"پشت و سینگ و سەریشی زۆر دێشا. ژانێکی بەسوێ. بیری بۆ ئەوە دەچوو منداڵی لەبەرچووە" (سەباح، ٢٠٢٤: ٨٩)

لەم دەقەدا هەریەک لە وشەکانی ( پشت ، سینگ، سەر) بەشێکن لە وشەی ( لەشی مرۆڤ) کە وشەیەکی گشتیە، واتە پەیوەندی واتایی بەش لە گشت ئەم وشانەی کۆکردۆتەوە.

### 8-1 گرتنەوە (داپۆشین) :

جۆرێکە لە پەیوەندی واتایی نێوان وشەیەک و پۆلێک وشە، بە مەرجێک واتای وشەکە واتای هەموو ئەندامانی پۆلەکەی تێدا بێت، بەم جۆرە ئەندامانی پۆلەکە دەبنە جۆرێک لە وشەکە( فەرهادی ،٢٠٠٨ : ٢٠٢)، هەروەها (جۆن لاینز ) پێی وایە، گرتنەوە بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان دوو وشە هەیە، بە شێوەیەک، کە واتای یەکیان ئەوەندە فراوانە،

که بتوانێت وشەی تریش بگرێتەوە.(دزەیی، ٢٠١١: ١٣٤)، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان (سێو ، پرتەقاڵ ، هەنار،....هتد) لەگەڵ وشەی (میوە)، کە (سێو) جۆرێکە لە (میوە) ، واتە وشەی (میوە) دەتوانێت وشەکانی (سێو، پرتەقاڵ، هەنار،...هتد) داپۆشێت. **بۆ** نموونە لە دەقی دووەمدا:

" تا هاتە دەرەوە بە بەردەمی چەند پۆلێکدا تێپەڕی، گوێی لە مامۆستای بیرکاری بوو چۆن دەینەڕاند بەسەر قوتابییەک، وێدەچوو ئەرکی نەکردبێت، بینی چۆن مامۆستای ئاین بە دار وەرگەڕاوەتە قوتابییەک بۆ لەبەرنەکردنی سورەتێک، بینی دوو قوتابی لەسەر یەک پێ وەستاون لە وانەی عەرەبی، تەواوی پۆلەکەش پێیان پێدەکەنن' (سەباح ، ٢٠٢٤: ٨٦)

لەم دەقەدا وشەکانی ( بیرکاری ، ئاین، عەرەبی) هەموویان یەک وشە دایان دەپۆشێت، کە (وانە) یە ، کە لە شوێنێکی تری دەقەکە هاتووە.

## 2- بەشی دووەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە(پەیوەندییە واتاییەکان لە دەقی کورتەچیرۆکەکانی –ژەنگ و ژان ،گورگ و خوێن)

### 2-1 نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە دوو کورتە چیرۆک بە ناونیشانی (ژەنگ و ژان) و ( گورگ و خوێن) لە کۆمەڵە کورتە چیرۆکی ( نەخۆشێکی تەندروست)ی نوسەر ( گۆران سەباح). هەردوو چیرۆکەکە باس لە ئازار و مەینەتییەکانی کچانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکات. کورتە چیرۆکی یەکەم (ژەنگ و ژان) باس لە ئازارەکانی کچێکی بچووک دەکات، لە ژێر ستەمی باوک سالاری و نەریتە چەوتەکانی کۆمەڵگادا. کە یەکێک لەوانە دیاردەی خەتەنەکردنی کچانە. کە نوسەر زۆر بە وردی بە زمانێکی سادە وێنەیەکی ڕوونی ئەم دیاردەیە دەخاتەڕوو، کە چۆن پیاوان بە بیانووی پاراستنی شەرەف و بەشێک لە ئافرەتان پەیڕەوی ئەم نەریتە چەوتانەی کۆمەڵگا دەکەن. کورتە چیرۆکی دووەم بە ناونیشانی( گورگ و خوێن) باس لە ئازاری کچێک دەکات، کە تازە باڵغ دەبێت، لە کۆمەڵگایەکدا کە زۆر هەژارە لە ڕووی پەروەردەکردنی کچان و ئامادەکردنیان بۆ ئەم قۆناغە هەستیارە، نوسەر دەیەوێت ئازارەکانی کچێک لەم قۆناغە نیشان بدات، کە بەهۆی نەبوونی زانیاری و ژینگەیەکی دواکەوتوو و سیستەمێکی پەروەردەی ناتەندروست دووچاری سەختی و مەینەتی دەبێتەوە. نوسەر بە زمانێکی ڕوون و سادە پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێت، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا هەست بە ئازار و مەینەتییەکانی قوربانی ناو کورتەچیرۆکەکە دەکات، کە نوسەر مەبەستییەتی بیگەیەنێت. بێگومان ئەوەی وای کردووە خوێنەر بەو ئاسانییە بچێتە ناو دەقەکە و وەک فلیمێکی سینەمایی وێنەکانی لەبەرچاو بێت، ڕوونی زمانی نوسینی دەقەکە و ئەو وشانەیە کە نوسەر هەڵیبژاردوون. نوسەر بۆ ئەوەی دەقێکی پتەو و تۆکمە لە ڕووی زمانییەوە پێشکەش بکات، لە ڕووی فەرهەنگییەوە پشتی بە پەیوەندییە واتاییەکان بەستووە و وەک بەستەرێکی دەق بەکاریهێناوە. لەم بەشەدا گرنگترین ئەو پەیوەندییە واتایانە دەستنیشاندەکەین کە لە هەردوو دەقەکە بە ڕێژەی جیاجیا بەکارهاتوون. لەوانە:

### 2-2 دووبارەبوونەوە :

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین دووبارەبوونەوەی دانە فەرهەنگییەکان لە نموونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای بەشەکانی ئاخاوتن دەستنیشانیان بکەین.

#### 1-دووبارەبوونەوەی ناو:

مەبەست لە دووبارەبوونەوەی بە هەموو جۆرەکانییەوە ( ناوی تایبەتی ، گشتی، کۆمەڵ ، بەرجەستە و نابەرجەستە). لەم کورتە چیرۆکەدا کۆمەڵێک دانەی فەرهانگی سەر بە بەشەئاخاوتنی ناو بەرچاو دەکەوەن، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەیەکەوە لکاندنی ڕستەکاندا هەیە، بونەتە هۆی تۆکمەیی و یەکپارچەیی دەقەکە. هەریەک لەم ناوانە بە ڕێژەیەک دووبارە بوونەتەوە، بێگومان ئەمەش مەبەستی خۆی هەیە،

**دەقی یەکەم بە ناونیشانی ( ژەنگ و ژان):** بۆ نموونە ناوی ( باوک) (٢٢) جار دووبارەبووەتەوە، نوسەر بۆ ئەوەی جەخت لەسەر باوکسالاری و ستەمی ئەو باوکە بەرانبەر کچ و ژنەکەی بخاتەڕوو پشتی بە دووبارەکردنەوەی ئەم دانە فەرهەنگیە بەستووە، بۆ ئەوەی بەردەوام وێنەی ئەو باوکە ستەمکارە لە بیری خوێنەربێت و ئەوە نیشانبدات کە چۆن

دەکرێت باوک بەرانبەر ڕۆڵەکەی ئەوەندە بێبەزەیی و ستەمکار بێت. لە بەرانبەردا ناوی ( دایک) (١٧) جار دووبارەبووەتەوە، کە لە هەر دووبارەبوونەوەیەکی خوێنەر بۆ ئازارێک ڕادەکێشێت و دیوێکی چەوسانەوە و مهرەبانی دایک بەرانبەر کچەکەی پیشان دەدات. ئینجا ناوی (جۆلانە) (١٤) جار دووبارەبووەتەوە، ئەمەش بۆ دەرخستنی ڕادەی تامەزرۆیی منداڵێکە، کە لە ترسی باوکی لێی بووە بە خەوێکی بەدینەهاتوو. واتە بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بکات دەقەکە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو ببینێت و لە سەرەتا تا کۆتایی کورتە چیرۆکەکە، ئەو ناوە چەندین جار لە دنیای ئەو منداڵە لە کورتە چیرۆکەکە دووبارەکراوەتەوە. ناوەکانی(خاتوو، ئەڵماس) هەریەکەیان (١٠) جار دووبارەکراونەتەوە، کە (خاتوو) وەک نازناو لە پێش ناوی (ئەڵماس) بەکارهاتووە و (ئەڵماس) ناوی ئافرەتێکی بێ بەزەیی دڵڕەقی پەروەردەکراوی دەستی نەریتە چەوتەکانی کۆمەڵگایە، دووبارەبوونەوەی بۆ نیشاندانی وێنەی نەخوزراوی ئەم ئافرەتەیە لە چاوی کچێکی قوربانی، هەروەها ناوی (چاو) (١٠)جار دووبارەبووەتەوە و ناوەکانی تریش هەر یەکەیان بە ڕێژەیەک دووبارەبوونەتەوە، هەموو دووبارەبوونەوەکان لە شێوەی دووبارەبوونەوەی تەواو (هەمان وشە) یە، کە لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە ( ١ ) دووبارە کردنەوەی ناو لە دەقی یەکەمدا

| وشە | جۆری دووبارەکردنەوە | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| جۆلانە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ١٤ |
| خاتوو | دووبارەکردنەوەی تەواو | ١٠ |
| ئەڵماس | دووبارەکردنەوەی تەواو | ١٠ |
| دڵخۆش | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| دەرگە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| ئاسن | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| قوڕ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| باوک | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢٢ |
| دایک | دووبارەکردنەوەی تەواو | ١٧ |
| توالیت | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| ئایش | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٤ |
| مەکسی | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| زللە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| نۆرە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٤ |
| کۆلان | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| منداڵ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٦ |
| موس | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| کۆیلە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| سەعات | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| بزە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| کەس | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| کچ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| دۆشەک | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ڕوومەت | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| فرمێسک | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| دراوسێ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| دڵ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| چاو | دووبارەکردنەوەی تەواو | ١٠ |
| پەراسوو | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| مێشک | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| زەردەخەنە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| ئافرەت | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٦ |
| گریان | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| تا ( تای تەرازوو) | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| قاچ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |

### دەقی دووەم بە ناونیشانی (گورگ و خوێن)

لەم دەقەدا دووبارەبوونەوە وەک بەستەرێک بۆ لکاندنی بەشەکانی دەقەکە سودی لێ وەرگیراوە. دووبارەبوونەوەی لێکسیمەکان بە هەردوو شێوەکەی لە سەرتاپای دەقەکە بەرچاودەکەوێت، واتە دووبارەکردنەوەی هەمان وشە وەک خۆی یان دووبارەکردنەی ڕەگی وشەکە. شوێنی سەرەکی لە چیرۆکەکە قوتابخانەیە، بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو وشانەی پەیوەندییان بە قوتابخانەوە هەیە زیاتر دووبارەکراونەتەوە. بۆ نموونە وشەی (مامۆستا) کە لە دەقەکەدا (١٨) جار بە هەمان فۆرم و واتا بەکارهاتووە. لەم دەقەدا کارئەکتەری مامۆستاکە کارئەکتەرێکی سەرەکییە، کە کەسایەتییەکی توند و تیژ و دڵرەقە بەرانبەر بە پاڵەوانی چیرۆکەکە، کە کچێکی تازە پێگەیشتووە، بۆیە ئەم وشەیە زیاتر دووبارەکراوەتەوە. بە هەمان شێوە وشەی (قوتابی ) کە (١٠)جار دووبارەکراوەتەوە و وشەی (پۆل) (٩)جار دووبارەکراوەتەوە. وشەکانی تریش هەریەک بە ڕێژەیەک دووبارەکراونەتەوە ، بەمەش دووبارەکردنەوەی ئەم وشانە لە سەرتاپای دەقەکە وایکردووە دەقەکە یەکپارچە و تۆکمە دەربکەوێت. وەک لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢) دووبارە کردنەوەی ناو لە دەقی دووەمدا

| وشە | جۆری دووبارەکردنەوە | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| مامۆستا | دووبارەکردنەوەی تەواو | ١٨ |
| قوتابی | دووبارەکردنەوەی تەواو | ١٠ |
| پۆل | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٩ |
| عەلاگە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| شار | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| بەڕێوەبەر | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٧ |
| مام عەولا | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٤ |
| توالێت | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| خوێن | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٧ |
| پرسیار | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٥ |
| شلە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| پانتۆڵ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |

| | | |
|---|---|---|
| گورگ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٧ |
| ژوور | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٧ |
| هاوپۆل | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| کۆڵان | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٤ |
| قوڕ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٥ |
| سۆبە | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| پلاستیک | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| پێکەنین | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| ژەنگ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| هەیوان | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| پێڵاو | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٤ |
| کتێب | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| منداڵ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| ماڵ | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٣ |
| بۆردومان | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| نەخۆش | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| سەرما | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |
| خەو | دووبارەکردنەوەی تەواو | ٢ |

### 2- 2-2دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو وەک بەشە ئاخاوتنێک ڕۆڵێکی گرنگی لە پیشاندان و وەسفی کەس و شتدا هەیە، ئاوەڵناو بە هەموو جۆرەکانی دەتوانێت بە هۆیەوە وێنە جوان و ناشیرینەکانی ناو دەقمان پیشان بدات. لەم کورتەچیرۆکەدا ئەو ئاوەڵناوانەی بەکارهاتوون زیاتر ئەو ئاوەڵناوانەن کە واتایەکی نەرێنیان هەیە، چونکە ناوەرۆکی چیرۆکەکە نیشاندانی لایەنێکی نەرێنی و نەریتێکی باوی هەڵەی ناو کۆمەڵگای کوردییە، بۆیە نوسەر ئەو ئاوەڵناوانەی هەڵبژاردووە کە واتاییەکی نەرێنییان هەیە. ئەم ئاوەڵناوانە بە ڕێژەی جیاجیا لە دەقەکەدا دووبارەبوونەتەوە. هەریەک لە ئاوەڵناوەکانی (زل ، ڕەش) (٤) جار دووبارەبوونەتەوە کە ئەم وشەیە (زل) بۆ کێشانی وێنەی ناشیرینی کەسەکانە وەک ( ورگ زل ، سمێڵ زل ، پێ زل ،...هتد). نوسەر بۆ ئەوەی وێنە ناشیرینەکە نیشانی خوێنەر بدات دووبارەی کردۆتەوە و جەختی لەسەر کردۆتەوە.. تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئاوەڵناوی ڕەنگ زیاتر ئەو ڕەنگانەی هەڵبژاردووە، کە ڕەنگی تاریک و توندن وەک (ڕەش ، قاوەیی، سور)، کە لەڕووی دەروونییەوە واتایەکی نەرێنی هەیە، نوسەر لە وەسفی شتەکاندا بەکاریهێناوە بۆ زیاتر نیشاندانی کەشی نەرێنی و نائومێدی ناو کورتە چیرۆکەکە. نوسەر بە جۆرێک ئەو ڕەنگانەی هەڵبژاردووە، کە ناتوانین بیانگۆڕین بە ڕەنگێکی تری وەک ( پەمەیی یان سپی ،...هتد)، چونکە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ناوەرۆک و ئامانجی نوسەر لە گەیاندنی مەبەستەکەی بۆ نموونە لە وەسفی خاتوو (ئەڵماس) کە کاری خەتەنەکردنی کچەکە ئەنجام دەدات دەڵێت:

((کە دەرگاکە کرایەوە لاشاخێک هاتە ژوورێ. زەردەخانەکەی تۆقاندمی. ددانەکانی خواروخێچ و ژەنگاوی. چەفییەکی ڕەش لەسەری. چاوە ڕەشەکانی لەگەڵ مەکسییەکەی دەهاتنەوە. ورگ زل. لووت زل. دەست و پێ زل)) (سەباح ، ٢٠٢٤، ٧٨).

ئاوەڵناوەکانی تریش بە ڕێژەی جیاجیا دووبارە بوونەتەوە، لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

خشتەی ( ٣ ) دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو لە دەقی یەکەمدا

| وشە | | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| ژەنگاوی | | ٢ |
| سیس | | ٢ |
| زل | | ٤ |
| ڕەش | | ٤ |
| سور | | ٢ |
| باش | | ٢ |

دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو لە دەقی دووەمدا:

لە دەقی دووەمدا ژمارەی ئاوەڵناوەکان کەمتر دووبارەکراونەتەوە وەک لە دەقی یەکەم وەک لەم خشتەیە خراوەتەڕوو.

خشتەی ( ٤ ) دووبارەبوونەوەی ئاوەڵناو لە دەقی دووەمدا

| وشە | ژمارەی دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| گەرم | ٢ |
| ڕەشپۆش | ٢ |

### 3-2-2- دووبارەبوونەوەی کار:

کار پێکهێنێکی سەرەکی ڕستەیە لە زمانی کوردیدا، کەرسەیەکی سەرەکییە، بۆیە دەبینین ڕێژەی بەکارهێنانی لە دەقدا بەرزە، بەمەش ڕەنگە بەدرێژایی دەقەکە چەند جارێک هەمان کار دووبارە ببێتەوە. دووبارەبوونەوەی کار زیاتر دووبارەبوونەوەی ڕەگی کارە واتە ڕەنگە کارەکە بە هەمان کات و کەس و ژمارە دووبارە نەبێتەوە، بەڵام هەمان ڕەگیان هەیە، وەک : ( چووم ، دەچم ، چووبووم ، دەچووم،...هتد)، کە هەموو ئەوە کارانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەمان مەبەست دەگەیەنن، بەڵام بۆ دەمی جیاواز. وەک لەم خشتەیە دەردەکەوێت:

خشتەی ( ٥ ) دووبارەبوونەوەی کار لە دەقی یەکەمدا

| وشە | جۆری دووبارەکردنەوە |
|---|---|
| ئاوێکم دایەوە، ئاوڕمدایەوە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| وەڵامی بدەمەوە ، وەڵامی نەدەمەوە، وەڵامی بدایەوە، وەڵامی دایەوە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| هات(٦) ، دەهات (٤)، دەهاتنەوە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| دەکردەوە (٢) ، کردەوە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| کۆنترۆڵ بکەم ، کۆنترۆڵ کردم | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| پاڵکەوە ، پاڵکەوتم | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بانگی کردم ، بانگی دەکردم ، بانگم نەکەنەوە ، بانگت بکەم ، بانگم کردی | دووبارەبوونەوەی بەشی |

| | |
|---|---|
| شیرِاندن(٢) ، شیرِاندی | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| تێنەگەیشتم (٢) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بچین (٢) ، دەچمەوە، چوو(٢)، چووەوە، چووە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بجولێ، دەجولێت، نەجولێت، بجولێم | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| ببیە ، برد | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| کرد ، دەکەین | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| چاوەڕێت دەکات، چاوەڕێت دەکەین | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| حازری کە، حازرم کە ، حازر کە ، حازری | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بقیژێنم، قیژاندم | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| سەرشۆڕدەکەی – سەرمان شۆڕدەکەی | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| لێم بدا ، لێی دام (٢) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| هەستم دەکرد (٢) | دووبارەبوونەوەی بەشی |

ئەگەر سەرەنج بدەینە ئەو خشتەیەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆربەی هەرە زۆری کارەکان ئەو کارانەن کە جوولەیان تێدایە وەک ( برد، دەجولێت، قیژاندم،....هتد)، هەروەها کارەکان زیاتر ئەو کارانەن کە واتایەکی ناخۆش و نەرێنیان هەیە وەک: (قیژاندم، سەرمان شوڕ دەکەی، هاواری کرد، شیرِاندی،...هتد)، ئەمەش بۆ ناوەڕۆک و مەبەستی دەقەکە دەگەڕێتەوە، کە نوسەر لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو کارانە ویستوویەتی ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگاکەی پیشان بدات.

دووبارەکردنەوەی کار لە دەقی دووەمدا:

لەم دەقەدا جۆری دووبارەکردنەوەی کارەکان دووبارەبوونەوەی بەشییە، واتە ڕەگی وشەکە دووبارەکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەی بەشێکی کارەکان بە هەمان دەم و کەس و ڕێژە دووبارەبوونەتەوە.

خشتەی ( ٦ ) دووبارەبوونەوەی کار لە دەقی دووەمدا

| وشە | جۆری دووبارەکردنەوە |
|---|---|
| کردبوو(٢)، نەکردوە، کردەوە (٢)، کردووە ، نەکردبێت، کرد(٤) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| وەڵامییدەنەوە ، وەڵامیاندایەوە، وەڵامینەدانەوە. | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بینی (٣) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| وەستا (٣) ، نەوەستا، وەستاون ، ڕاوەستە، بوەستێت ، نایشوەستێ. | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| هات (٣) ، دەهات، هاتییەوە ، هاتەوە. | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| هێنایەوە ، هێنا (٢) | دووبارەبوونەوەی بەشی |

| | |
|---|---|
| خەنی کرد ، خەنی بووبوون | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| دەینەڕاند ، نەڕاندییەوە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| شوشت ، شوشتیەوە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| لەبیرچوو ، لەبیرچووە | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بوو (١٩) ، نەبوو (٤) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| پێی گوت (٥) ، گوتی ، نەگوت ، دەتگوت ، دەیگوت | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بکەوێت ، نەکەوێت | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| چوو(٥) ، چوون ، مەچوو ، دەچوو | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| بڕۆ (٢) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| ڕۆیشت (٣) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| لەبەرچوو (٢) | دووبارەبوونەوەی بەشی |
| دووبارەکردەوە (٢) | دووبارەبوونەوەی بەشی |

### 4-2-2-دووبارەکردنەوەی هەمان وشە بەدوای یەکدا:

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی هەمان وشە ڕاستەوخۆ بەدوای یەکدا، ئەمەش بۆ مەبەستی جەختکردنەوەیە لەسەر هەمان وشە،یان بۆ بانگکردن ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە لە دەقدا زیاتر بۆ گەیاندنی باری دەروونی کەسەکان و جەختکردنەوە لەسەر ئەو دۆجەی کە کەسەکە تێیدایە، بۆ نموونە ( مۆن...مۆن، .....)، لێرەدا نوسەر بۆ جەختکردنەوە دۆخێک وشەکە دووبارە دەکاتەوە، ئەم دیاردەیەش لە دەقی یەکەمدا بەرچاودەکەوێت، لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

خشتەی ( ٧ ) دووبارەبوونەوەی هەمان وشە لە دەقی یەکەمدا

| وشە | جۆری دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| زوو زوو | دووبارەبوونەوەی تەواو |
| دڵخۆش... دڵخۆش | دووبارەبوونەوەی تەواو |
| مۆن...مۆن | دووبارەبوونەوەی تەواو |
| بەڵێ... بەڵێ | دووبارەبوونەوەی تەواو |
| پارچە پارچە | دووبارەبوونەوەی تەواو |
| زەق زەق | دووبارەبوونەوەی تەواو |

دووبارەبونەوەی هەمان وشە لە دەقی دووەمدا:

لەم دەقەدا دووبارەکردنەوەی هەمان وشە بە دوای یەکدا بۆ جەختکردنەوە لەسەر شتێک یان دۆخێک وەک (گەورە..گەورە ، سپی...سپی) یان بۆ بانگکردن و ئاگادارکردنەوە وەک ( مامۆستا ...مامۆستا).

خشتەی ( ٨ ) دووبارەبوونەوەی هەمان وشە لە دەقی دووەمدا

| وشە | جۆری دووبارەبوونەوە |
|---|---|
| گەورە....گەورە | دووبارەبوونەوەی تەواو |
| سپی...سپی | دووبارەبوونەوەی تەواو |
| مامۆستا...مامۆستا | دووبارەبوونەوەی تەواو |

## 3-2 هاوواتا:

لە دەقی یەکەمدا هاوواتا وەک پەیوەندییەکی واتایی کەمتر پشتی پێبەستراوە، هەر ئەمەشە وایکردووە خوێنەر کەمتر ماندوو بێت لە گەڕان بەدوای واتای وشەکان. وشە هاوواتاکانیش لە جۆری هاووتای ناتەواون.

خشتەی ژمارە ( ٩ ) هاوواتا لە دەقی یەکەمدا

| وشە | هاوواتاکەی |
|---|---|
| بزە | زەردەخەنە |
| سرە | نۆرە |
| تەماشاکردن | نۆڕین، سەیرکرد |
| سیس | لەڕولاواز |
| دەنگی نزم | دەنگی هێواش |
| سەریدانەواند | سەرینەویکرد |

هاوواتا لە دەقی دووەمدا:

لەم دەقەدا (گورگ و خوێن) تا ڕادەیەک پەیوەندی هاوواتا لە نێوان لێکسیمەکانی دەقەکە بەرچاودەکەوێت، کە هۆکاری بەکارهێنانی زۆربەی وشە هاوواتاکان شێوەزارە، کە نوسەر شێوە ئاخاوتنی ناوچەی هەولێری لە ڕووی بەکارهێنانی وشە هاوواتاکان بەکارهێناوە، بۆ نموونە وشەی ( ڕوو –ڕوخسار) کە لە ناوچەی هەولێر وشەی (بچم)ی بۆ بەکاردێت، یان وشەی (ڕزگار ) کە لە شێوەزاری هەولێر(قوتار) لەبەرانبەری بەکاردێت، بێگومان نوسەر ئەمەی بە مەبەست کردووە، بۆ تێکەڵکردنی وشە و زاراوەکانی ناوچە جیاجیاکان، کە وەک یەک زمانی یەکگرتوو سەیری زمانی کوردی دەکات، هەر ئەمەش بووەتە ڕوویەکی تری جوانی زمانی نوسینی دەقەکان.

خشتەی ( ١٠ ) هاوواتا لە دەقی دووەمدا

| وشە | هاوواتاکەی |
|---|---|
| گەورە | زل |
| بچم | ڕوو |
| نەڕاندی | شیڕاندی |
| غار | ڕاکردن |
| پێی هەڵهێنا | ڕایکرد |
| ڕزگار | قوتار |
| بەهێواشی | لەسەرخۆ |
| ئاسمان | عاسمان |
| خەنی بوون | دلشادبوو |

### 4-2 دژواتا:

**له دەقی یەکەمدا (ژەنگ و ژان)** وشە دژواتاکان رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە لکاندنی بەشەکانی دەقدا، دژواتا وەک پەیوەندییەکی واتایی وەک بەستەرێکی کارا لەم دەقەدا پشپپێبەستراوە .

خشتەی ( ١١ ) دژواتا لە دەقی یەکەمدا

| وشە | دژواتاکەی |
|---|---|
| زل | بچووک |
| هات | چوون |
| گرنگ بوو | گرنگ نەبوو |
| سواربوو | هاتەخوارێ |
| بدەمەوە | نەدەمەوە |
| پێکەنین | گریان |
| وشک بوون | تەڕبوون |
| ژوورەوە | دەرەوە |
| پشتەوە | پێشەوە |
| فامکرد | فامنەکرد |
| ڕاست | چەوت |
| جوان | ناشرین |
| دەجوڵێت | نەجوڵێت |
| داکەند | لەبەرکرد |

**دژواتا لە دەقی دووەمدا :**

لە دەقی دووەمدا بۆ بەستانەوەی ڕستە و بەشەکانی دەقەکە پشت بە دژواتا بەستراوە وەک بەستەرێکی لێکسیکی وەک لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

خشتەی ( ١٢ ) دژواتا لە دەقی دووەمدا

| وشە | دژەکەی |
|---|---|
| سارد | گەرم |
| بەغار | بەهێواشی |
| پرسیار | وەڵام |
| ڕاوەستە | بڕۆ |
| دڵشاد | دڵتەنگ |
| مامۆستا | قوتابی |
| هەڵسا | داکەت |
| دایک | باوک |

| | |
|---|---|
| نەیزانی | دەیزانی |
| دەرەوە | ژوورەوە |
| هات | چوو |
| لەبەرکرد | داکەند |
| گوت | نەگوت |
| وەستا | نەوەستا |
| بوو | نەبوو |
| لەبیرچوو | بیرهاتەوە |
| بکەوێت | نەکەوێت |
| برۆ | مەچوو |

## 5-2 بەش لە گشت :

بەش لە گشت وەک پەیوەندییەکی واتایی لە دەقی یەکەمدا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەیەکەوەبەستنی بەشەکانی دەقەکە، نوسەر ئەم پەیوەندییە واتاییەی بۆ دەرخستن و وێناکردنی ئازارەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە بەکارهێناوە، تا خوێنەر بتوانێت هەست بەو ئازارە بکات، لە ڕێگەی باس کردنی ئەو ئازارانەی، کە پاڵەوانی کورتەچیرۆکەکە لە ئەندامەکانی لەشی هەستیپێدەکات، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان وشەکانی ( پەراسوو، دڵ، چاو ، مێشک، پشت،...هتد)،کە بەشێکن لە (لەشی مرۆڤ)، هەندێک کاتیش بۆ کێشانی وێنەی کەسایەتییەکان پشتی بەم پەیوەندییە بەستووە، هەر لەسەرەتای دەقەکە تاکۆتایی ئەم پەیوەندییە بەرچاو دەکەوێتم ئەمەش وایکردوە بەشەکانی دەقەکە تۆکمە و بەیەوەکەوە لکاو بن.

بۆ نموونە :

" سییەکانم لە پەراسووم هاتنەدەر، هەستم دەکرد وا پارچە پارچەم دەکەن، خوێن فیچقەی کرد، هەناسەم خێرا، دڵم خێرا، ئازارم تیژ"

خشتەی (١٣ ) پەیوەندی بەش لە گشت لە دەقی یەکەم

| بەش | وشە گشتییەکە |
|---|---|
| پشت | لەشی مرۆڤ |
| ریش | |
| سمێڵ | |
| دڵ | |
| دەم | |
| لێو | |
| سییەکان | |
| پەراسوو | |
| خوێن | |
| چاو | |
| ئێسک | |
| مێشک | |
| گوێ | |
| ورگ | |

| | |
|---|---|
| لووت | |
| دەست | |
| پێ | |
| سەر | |
| قاچ | |
| ئەژنۆ | |
| زنجیر | جۆلانە |

بەش لە گشت لە دەقی دووەم :

لەم دەقەدا ئەم پەیوەندییە واتاییە بۆ وەسفی کارەکتەرەکان و گەیاندنی ئەو هەست وئێش و ئازارەی کە نوسەر دەیەوێت بیگەیەنێت بەکارهاتووە، وەک لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

خشتەی (١٣ ) پەیوەندی بەش لە گشت لە دەقی دووەمدا

| بەش | وشە گشتییەکە |
|---|---|
| ئەژنۆ | لەشی مرۆڤ |
| پشت | |
| سینگ | |
| سەر | |
| پەنجە | |
| ڕان | |
| چاو | |
| برۆ | |
| تەنگە | |
| مێشک | |
| دەم و چاو | |
| دڵ | |
| ورگ | |
| دەست و پل | |
| سمێڵ | |
| پێ | |

## 6-2 هاوڕێیەتی :

لە دەقی یەکەمدا پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان ئەو وشانەی بەکارهاتوون بەرچاودەکەوێت، وشەکان لەگەڵ یەکتر گونجاون ئەم وشانە دووبارەبوونەوەیان لەگەڵ یەکتر زیاترە، بە جۆرێک کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە دەتوانێت پێشبینی وشەکانی دواتر بکات، لە هیچ شوێنێکی دەقەکە هەست بە نەگونجانی وشەکان ناکرێت لەگەڵ یەکتردا بو نموونە ئەگەر سەرەنج بدەینە وشەکانی وەک :( ئاسن ، ژەنگاوی) ، (کۆلان ، قوڕ ،قەرەباڵغی) ، (ڕیش ، سمێڵ ) ، (لێدان ، دڵ)، (زنجیر

، جۆلانە) ،( شنەبا ، بەهار) ، (زلە ، زرچە) ، (فرمێسک، چاو) ، ( تۆن، دەنگ) ، ( دوکان، بازاڕ) ، (دەنگ، نزم–بەرز) ، (پاشا ، کۆیلە) ، ( دیوار ، لەبغ) ، (گڵۆپ، کز) ، (دۆشەک، بەتانی) ، ( حەمام ، تەوالیت) ،( بۆنی ناخۆش، تەوالیت) ، ( کراس، بیجامە)،( پاشا ، ئەمر) ، ( تاج ، سەر) ، (ددان ، خواروخێچ)، (چەفییە، سەر) ، ( ورگ ، زل)، ( لوت، زل) ،(دەست و پێ ، زل) ،( دەرزی ، نەخۆش) ،( چەقۆ، تیژ) ، (پەمۆ، دیتۆل) ، ( بۆن ، ناخۆش) ، ( ئازار ، تیژ –بەهێز) دەبینین ، کە هاوڕێیەتیان دروستکردوە بەیەکەوە بەستراون و لە هەمان ژینگەی زمانی دەردەکەون، بەمەش ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەیەکەوە بەستن و لکاندنی دەقەکە بینیوە.

هاوڕێیەتی لە دەقی دووەمدا:

لە دەقی دووەمدا پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان لێکسیمەکانی ناو دەقەکە بەرچاودەکەوێت،بەمەش دەقەکە وەک یەک یەکە و وەک دەقێکی یەکگرتوو لەڕووی زمانییەوە دەردەکەوێت، بۆ نموونە وشەکانی وەک ( سەرما ، موجەمیدە) کە هاوڕێیەتی و بەیەکەوە هاتنیان لە هەمان دەوروبەردا هەیە و بەیەکەوە دەردەکەون، لەم دەقەشدا هەردوو وشەکە ڕۆڵیان بینیوە لە لکانی بەشەکانی دەقەکە، هەروەها ئەم پەیوەندییە لە چەندین شوێنی تری دەقەکە بەرچاودەکەوێت لەوانە لە نێوان وشەکانی (مامۆستا ، پۆل) ، (قوتابی، مامۆستا) ، (پرسیار، وەڵام)، (توالیت، مێش) ، ( پاسەوان، دەرگە، ماڵ) ، (لەفە ، گەس) ، (باران، قوڕ) ، (ماڵ ، کۆڵان) ، ( گورگ ، لوراندن) ، (هەور، باران، لێزمە)، (مراوی ، گۆم، مەلە)، ( باران ، با) ، (کەنتۆر ، جل) ، (منداڵ ، لەبارچوون) ، (ژان ، بەسوێ)، (سجن ، شورە) ، (پەنجەرە ، ئاسن) ،(مریشک ، مراوی)، (خەو ، خەون)، (ئاین ، سورەت).

## 7-2 داپۆشین (گرتنەوە) :

لە دەقی یەکەمدا پەیوەندی داپۆشین یان ( گرتنەوە) بە کەمی پشتی پێبەستراوە بۆ لکاندنی دەق لەوانە پەیوەندی وشەکانی (بەنج ، موس ، لەفاف ، دیتۆل ، پەمۆ ، چەقۆی تیژ ) کە هەموویان دەچنە چوارچێوەی (کەل و پەلی پزیشکی).

لە دەقی دووەمدا لە سەرتاپای دەقەکە لە چەند شوێنێک ئەم پەیوەندییە بەرچاودەکەوێت بۆ لکاندنی بەشەکانی دەقەکە و تۆکمەکردنی لەوانە لە نێوان وشەکانی (بێجامە، مەکسی ، بلوز، پانتۆڵ ) کە هەموویان دەچنە چوارچێوەی (جل و بەرگ)، واتە (جل وبەرگ) هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە، هەروەها لە نێوان وشەکانی (پۆل، قوتابی ، مامۆستا، بەڕێوەبەر ، شورە ، دەرگە ، هاوپۆل ) کە وشەی (قوتابخانە) هەموویان دادەپۆشێت، یان لە نێوان وشەکانی (هەور ، با ، باران ، لێزمە ) کە ئەوانیش لەگەڵ وشەی (کەش و هەوا) پەیوەندی داپۆشینیان لە نێواندا هەیە، هەروەها وشەکانی (مراوی ، مریشک) لەگەڵ ( پەلەوەر) .، یان لە نێوان ( زانست ، بیرکاری ، ئاین ، عەرەبی) لەگەڵ ( بابەت–وانە) ، ئەم پەیوەندییە بۆتە هۆی لکاندنی بەشەکانی دەقەکە و تۆکمەکردنی دەقەکە.

## ئەنجامەکان :

لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتین بە چەند ئەنجامێک:

١– دانە فەرهەنگییەکان لە لکاندنی پارچەکانی دەق و بەرهامهێنانی دەقێکی تۆکمە لە ڕووی زمانییەوە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، بە پشتبەستن بە پەیوەندییە واتاییەکانی وەک(هاوواتا، دژواتا، هاوڕێیەتی ، داپۆشین ، بەش لە گشت، دووبارەکردنەوە(، ئەمەش لە هەردوو نموونەی نموونەی توێژینەوەکە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ئاسان بۆ تێگەیشتن و دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی زمان پشتی پێ بەستراوە.

٢– لە هەردوو دەقەکە ( دووبارەکردنەوە)ی هەمان وشە بۆ هەمان مەبەست زیاتر لە هەموو پەیوەندییە واتاییەکانی تر بەکارهاتووە، بەڵام ئەم دووبارەکردنەوەیە نەبووەتە هۆی لاوازی دەقەکە ، بەڵکو نوسەر شارەزایانە بەکاریهێناوە و وای کردووە زمانی دەقەکە تێگەیشتنی ئاسانتر و ڕوونتر بێت.

٣–لە هەردوو دەقەکە پەیوەندی داپۆشین (گرتنەوە ) زۆر بە کەمی وەک بەستەرێکی لێکسیکی پشتی پێ بەستراوە.

٤– هەر یەک لە پەیوەندییەکانی ( هاوواتا، دژواتا، هاوڕێیەتی، داپۆشێن) لە هەردوو دەقەکە ڕێژەکەیان نزیکە لە یەکتر.

٥- بەگشتی لە ڕووی زمانی و ئەو بەستەرانەی بۆ لکان لە ڕووی فەرهەنگییەوە بەکارهاتوون لە هەردوو دەقەکە نزیکن لە یەکتر.

## سەرچاوەکان:


-سەرچاوە کوردییەکان

- احمد ، مسعود بکر(٢٠١٥) دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی (گۆران)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- سورخی، رحیم (٢٠١٣)، شیکردنەوەیەکی رەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنوسی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

- جلال، عەزیز سامان (٢٠١٤) دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب ، کامەران)، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.

- دزەیی، عبدالواحید مشیر(٢٠١١) ، واتاسازی وشە و ڕستە ، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین – هەولێر.

- -سەباح، گۆران (٢٠٢٤) ، نەخۆشێکی تەندروست( کۆمەڵە کورتەچیرۆک) ، وەشانخانەی کولتوور، هەولێر.

- شەریف، نژاد حسێن (٢٠٢٢)، بەستەرەکانی دەق لە زمانی کوردیدا(دەقی کارگێڕی بە نموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- علی، طالب حسێن (٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر.

- علی ، طالب حسێن و رشید، فواد صالح (٢٠٢٢)، واتای سیمانتیکی لە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامەی رۆژنامەدا رۆژنامەی (خەبات و کوردستانی نوێ) بە نموونە ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ٢، بەرگی ٢ ،١٢١-١٤٦، هەولێر.

- عمر، تەلان محمد (٢٠١٧)، شیکردنەوەی دەقی وتارە ئاینییەکانی ڕۆژی هەینی لە شاری هەولێردا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- فەرهادی، ساجیدە عبدالله (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس- هەولێر.

**-سەرچاوە عەرەبییەکان**

-البصلة ، عائدة سعيد (2023 ) وسائل التماسك النصي في القصة (ذئب النهار) لسعد الدوسري، مجلة مقامات و العدد 1 ، المجلد 7.

-الفقي، صبحي ابراهيم (٢٠٠٠)، علم اللغة النصي بين النظرية و التطنيق دراسه تطبيقية على السور المكية، ط١، دار قباء للطباعة و النشر.

-محمد،عزة شبل (2009)، علم اللغة النص النظرية التطبيق ،مكتبة الأدب ، الطبعة الثانية ، القاهرة.

-عبدالمجيد، جميل (1998)، البديع بين البلاغة العربية و للسانيات النصية ، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

-عفيفي ، أحمد (2001) نحو النص اتجاه جديدة في الدرس النحوي، مكتبة زهراء الشرق ، القاهرة ، ط 1.

خ هذك ك ع ى غىك ئز ك لْق لق ب لَم دجئ

**ريژنه سيف الدين حسن**
قسم اللغة الكوردية،كلية اللغات،جامعة صلاح الدين–إربيل،إقليم
كوردستان،العراق
rezhne.hasan@su.edu.krd

**ملخص**

هذا البحث الموسوم بـ(دور الربط المعجمي في التماسك النص – القصص القصيرة أنموذجا) ضمن الحدود اللغوية للنص، يتحدث عن دور العلاقات الدلالية في ربط نص القصة القصيرة وتقويته، ولهذا اعتمدنا على الربط المعجمي في القواعد الوظيفية.

يعتبرتحليل النص من جانبه اللغوي من المهمات المعقدة ومتعددة الأبعاد، وللغة النص أثر كبير في إيصال مقصد المخاطب ورسالته إلى المستمع. وقد يكون البحث في مجال تحليل لغة النص وتحديد الأدوات التي تربط أجزاء النص ببعضها،عملا هاما ومفيدا.

المنهج المتبع في هذه الدراسة هو (التحليل الوظيفي). وتشتمل المواد البحثية على نصين قصيرين بعنوان (الصدأ والألم) و(الذئب والدم). مقتبسة من مجموعة القصص القصيرة للكاتب طؤران صباح بعنوان(مريض سليم). يهدف هذا البحث إلى الإجابة على عدة أسئلة، منها: ( ما وظيفة العلاقات الدلالية في ربط النص وتقويته؟ وما أهم العلاقات الدلالية المعتمدة كروابط معجمية في القصتين القصيرتين؟ وما نوع الرابط المعجمي الأكثر استخدامًا في كلا النصين؟ وفي نهاية الدراسة توصلنا إلى أن العلاقات الدلالية تؤدي دورا مهما في وحدة لغة النص، وخاصة في نص القصص القصيرة، وفي نموذج البحث استندنا إلى الوحدات الدلالية مثل: (التكرار، الترادف، التضاد، التضام ، المطابقه، الجزء بالكل). كرابط معجمي لتقوية لغة النص، بحيث كان التكرار أكثر استخداماً وللتضام كان أقل النصيب في كلا النصين، وفي النهاية أتبعنا البحث بعرض أهم النتائج وتوثيق المصادر والمراجع المستخدمة فيه .

**الكلمات المفتاحية:** الربط و الربط المعجمي ، القصص القصيرة ، النص

**The Role of Lexical cohesion in Text Consolidation - Short Stories as an Example**

**Rezhna Saefaddin Hasan**
Department of Kurdish, College of language,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
rezhne.hasan@su.edu.krd

**Abstract**

The title of this paper is (The Role of Lexical cohesion in Text Consolidation - Short Stories as an Example), which is within the linguistic of the text. It discusses the role of semantic relationships in connecting and strengthening the text of short story. To do this, it relies on lexical attachment in the connected function grammar. Text analysis from a linguistic point of view is an important, complex and multidimensional task. The language of the text has got a great impact on conveying the purpose and message of the sender to the listener. On this research, the method of task analysis is relied upon. The research materials include two short story texts which is entitled (Rust and Pain) and (Wolf and Blood), which are taken from the collection of short stories (Healthy Patient) by Goran Sabah. The aim of this research is to answer several questions, including: (What is the role of semantic relationships in consolidating the text? What are the most important semantic relationships that are relied upon as cultural links in both short stories? Which one of cultural links is most used in both texts? At the end of the study, we concluded that semantic relations play an important role in the unity of the text language, especially the text of short stories, each of the semantic units such as (repetition, synonym, antonym, coverage, friendship, part of the whole) is relied upon as a cultural link to strengthen the language of the text in the study example, Repetition is used more and coverage is used less in both texts. At the end of the study, the results and a list of sources are presented.

**Keywords**: cohesion, lexical cohesion, short story, Text.